# تابلۆكانی من و زەمەن لەهیچدا یەك ناگرنەوە



چنارنامق

كەرۆژ  پێڵوی چاوەكانی
بۆ دوا سەمای ماڵئاوایی پەلكە زێرینە دەگێرا
چەند مەملەكەتێكی جیا جیا بوین
سارایەك بوین بەژو تاریك
بەتونێلەكانی فەنا بووندا دەگەراین  و
دژایەتی
مانگ و خۆر و ئەستێرە و
بارانمان دەكرد
ئەستەم و سەیرە
بونە وەرە   بچكۆلەكان
لە گەورەكان   سلْ دەكەن   .. و
تۆ لە من    ..و  منیش لەتۆ  و
هەردوو  لەعیشق  وبەختەوەری   وساتەكان
درەختەكانیش  لەسێبەری یەكتر
ئاگر نەرم ونیانە
ئەو ساتانەی  (با)   تورەی نەكات
ئاسمان  بە هەمیشەیی   ساماڵە
گەر تاریكی  لەرۆژ گەرێ  و
بارگەی  پێ  نەپێچێتەوە
من  لە سروەی رۆحی
شەماڵێكی شەكەتەوە
بە جریوەی چۆلەكەیەك   و
بەگۆرانی كوكوختیەك
نهێنی   كۆچی باڵندەكانم دەرك كرد   ...
لەسروری   (با)  تێناگەم
دەمێ بەرومدا  پێدەكەنێ     و
لەرازی دڵی تاریكی
كە روم  لـێ گرژ  دەكاتەوە
گەلێ  جاریش
خەمی ئەو    ساتە وەختانە دامدەگرێت
جۆلانەكانی خەیاڵم
سوك سوك  خۆیان   رادەژەنن  ..و
نازانم ,منداڵێكی بێ  لانكیان   لە ئامێز نێم

یا بیانکەم بەژوانی بیرەوەری
نیشتیمانێکی دڵ ڕەنجاو ...
بەکۆڵانەکانی بەختەوەریدا تێدەپەڕم
ڕێکەوت نیگاکانم دەبات بۆ
سەر ئەو شەقامانەی
بەهەڵە یاساکانی بونی تێدا دارێژراوە
تاکو ئێستاش نەمبینیوە
رایەخێ بۆ وەنەوزی جووتێ چاوی ماندوو
خۆی ڕابخات
یاخود زەمەن تاوێ
لەهاواری خۆی بکەوێ
تا هێمنی بۆ گوێی وجود بەرپابکا
ئیدی چۆن سات بەم نەمامیخەمەوە
ئارامی خۆی لەدەست نەدات ..
کوێ بگەڕێین
یەکسانی دابەش بوون دەبینینەوە ..؟
شەو دەنوێت و
چرایەکی بێدار لەوێئێشکگرە
کەمۆتەکە دەس دەنێتە بەرۆکیشاخەونەکانەوە
پەرییەك
بەبەر ماڵی خەونەکانیا تێدەپەرێ
تێدەفکرێ ..
دەستەکانی
دەرگایەکیان بۆ ناکوترێ
زەمەن لەودیوی منەوە
هەر ساتەو بەرەنگێك
تابلۆکانم دەنەخشێنێ
نیگارێکم بۆ دەکێشێ
لەهیچدا یەك ناگرینەوە ..و
بۆنی رۆحی یەکترمان
لێ نایەت